فەتواكانی لێژنەی باڵای
فەتوای كوردستان

# حوكمی زەكاتی سەرفیترە بە پارە

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لیژنەی بالای فەتوا

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بابەت : حوکمی دەرهێنانی زەکاتی سەرفیترە بە پارە .

ژمارەی فەتوا : ٩ /٢٠١٧

بەروار : ٧ / شعبان /١٤٣٨ ك _ ٣ / ٥ /٢٠١٧ ز.

بابەت کردن : فیقهی زەکات .

جۆری فەتوا : لێکۆڵینەوە .

فەتوادەر : لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .

((  حوکمی دەرهێنانی زەکاتی سەرفیترە بە پارە ))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ....فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل : ٤٣ .

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان ، درودو سلاو لە بەرێزترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادەی و یارانی و پەیرەوانی ئەو بەچاکە تا رۆژی قیامەت .

یەکێك لەو بابەتانەی کە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا و بەتایبەتیش هەموو ساڵێك لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا پرسیاری زۆر لە بارەیەوە دەکرێت بابەتی دروستی دەرکردنی پارەیە لە بری گەنم و دانەوێڵە.. لە زەکاتی سەر فیترە، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە بەڵگەکانی ئەم بابەتە جۆراو جۆر و جیاوازن و بەرامبەر یەك رادەوەستنەوە ( متعارض ) بۆیە جیاوازی لەم بابەتە دا لە نێوان سەلەف و هەر چوار مەزهەبە موعتەبەرەکەی ئیسلامدا دروست بووە و زانیان لەم بابەتەدا بوون بەدوو بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** پێیان دروست نییە سەرفیترە بە پارە بدرێتە هەژاران ئەمش رای هەر سێ مەزهەبە کە( مالیکی و شافیعی حەنبەلیەکان) ـــنن .

**بەشی دووهەم:** رای پێشەوا ئیمامی ئەبوحەنیفە و هاوەڵانیەتی، و ئەم رایە ریوایەت کراوە لە عومەری کوڕی خەتتاب[1] ولەتابعیەکان: سوفیانی سەوری[2] و عەتا[3]، و حەسەنی بەسری[4]،وخەلیفە عومەری کوڕی عبد العزیز[5]،

---

١- بڕوانە: مصنف ابن أبي شيبة (٢/٤٠٤).

٢- بڕوانە: المغني لابن قدامة(٣/٨٧).

٣- بڕوانە: مصنف ابن أبي شيبة (٢/٤٠٤).

٤- بڕوانە: مصنف ابن أبي شيبة (٢/٣٩٨).

٥ - بڕوانە: مصنف ابن أبي شيبة (٢/٣٩٨).

ورای ئیمامی بوخاری[1] وئیبن موعین[2] وئیسحاقی کوری راهەوەیە[3] وکۆمەڵێکیش لە مالیکیەکان ئیبن حەبیب، وئەصبوغ،وئیبن ئەبی حازم، وئیبن دینار، وئیبن وهب[4] رایان وەهایە، وە ئەوە رایەش لە مەزهەبی حەنبەلیەکان و ئیبن تەیمیە هەڵیبژاردووە بەلام بە مەرجی پێویستی وقازانج[5] و ئیمام شهاب الدین ئەحمدی رەمەلی فتوای داوە بە شوێنکەوتنی حەنەفیەکان لەم بابەتەدا[6] رەحمەتی خودا لە هەموویان بێت .

جا چونکە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا کە مەزهەبی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە رێگەنەدراوە بە دەرکردنی سەرفیترە پارە، هەر لە دێر زەمانەوە کەڵە زاناکانمان فەتوایان بۆ موسڵمانان داوە کە دروستە زەکاتی سەرفیترەکانیان بە پارە بدەن بە هەژاران، و لەم بابەتەدا خۆیان تەقلیدی مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفە بکەن، لە بەر ئەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵك گۆڕاوە و هەژاران سود لەو جۆرە خواردەمەنیانە وەرناگرن کە دیاری کراوە لە هەندێك لە دەقەکانداو، لەبەر چەندین بەڵگەی دیکەش کە رونیان دەکەینەوە انشاء الله .

وە خەڵکی کوردستانیش هەر لەدێر زەمانەوە بەگوێی ئەو زانایانەیان کردووە و هیچ جیاوازیەك نەبووە لەم بارەیەوە ، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا دەبینین خەریکە جیاوازی لەناو موسڵماناندا دروست دەبێتەوە لەم بابەتەدا و بگرە بێ رێزیش دەکرێت بەو فەتوا و رایەی کە بە دروستی دەزانێت زەکاتی سەرفیترە بە پارە بدرێتە هەژاران، بۆیە لیژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان بە پێویستی زانی لەم بارەیەوە فەتوایەك دەربکات بۆ کۆتایی هێنان بەو جیاوازیانە، و بۆ ئەم مەبەستە ئەندامانی لیژنەی بالای فەتوا راسپێردران کە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن لەم بارەیەوە، وە لە رۆژی ٦ ی شەعبانی ساڵی **١٤٣٨** کۆچی بەرامبەر بە **٢٠١٧/٥/٣** لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا ئەم فەتوایەی خوارەوەی دەرکرد :

لیژنەی بالای فەتوا هەرێمی کوردستان بە موسڵمانانی خەڵکی کوردستان رادەگەنێت کە ﴿ **دروستە زەکاتی سەرفیترەکانیان بە پارە بدەن بە هەژاران لە بری دانەوێڵەکان بەبێ هیچ گومان و دوو دڵیەك**﴾ لە بەر ئەوەی :

١– بار وگوزەرانی خەڵك زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و خەلکی هەژار لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆر کەم سود لەو جۆرە خواردەمەنیانە دەبینن کە لە دەقی فەرموودەکاندا وەرگیراوە بۆیە مەبەستی شەرعی لە دانانی ئەم فەریزە بە دەرکردنی خواردەمەنی نایەتە دی .

---

١- ئیمامی بوخاری بابێکی سەربەخۆی بۆ ئەم بابەتە لە صەحیحەکەیدا (١١٦/٢)داناوە بەناوی (باب العرض في الزكاة) وەکۆمەڵێك فەرمودەو ئەسەری تیادا ریوایەت کردووە کە إنشاء الله لە شوینی خۆیدا باسیان دەکەین، و ئیبن حەجەر لە کتێبی فتح الباری (٣١٢/٣) دا دەفەرموێ: ئیبن رشید فەرموویەتی: "بوخاری لەم مەسەلەیەدا رای حەنەفیەکانی هەڵبژاردووە لەگەڵ ئەوەی زۆر جار جیاوازە لەگەڵیان بەڵام لێرەدا بەڵگە پاڵی پێوە ناوە" .

٢- بڕوانە: تأريخ ابن معين (٢٠/٢).

٣- مسائل الإمام أحمد بن حنبل وإسحاق بن راهويه(١١٥٠/٣).

٤- تحقيق الآمال في تخريج زكاة الفطر بالمال (ص: ٤٦).

٥- بڕوانە: مجموع الفتاوى (٧٩/٢٥).

٦- بڕوانە: فتاوى الرملي (٥٥/٢-٥٦) .

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی بالای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـــنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

٢- لە صەحابە و تابعین و زۆرێك لە زانایانەوە ریوایەت کراوەکە زەکاتی سەرفیترەیان بە پارە داوە بە هەژاران وەك لە بەڵگەکاندا ڕونی دەکەینەوە .

٣- هەروەك لە بەڵگەکانیشدا زیاتر ڕونی دەکەینەوە کە پێغەمبەری خوا ناڕەزایی دەرنەبڕیوە لەسەر وەرگرتنی پارە و شتی تر لە زەکاتی دەغل و دان و ئاژەڵ بۆیە لە زەکاتی سەرفیترەش کە جۆرێکی زەکاتە ڕێی لێ ناگیرێت .

٤- هیچ بەڵگەیەکی صەحیح نییە لەسەر ئەوەی کە دروست نییە زەکاتی سەرفیترە بە پارە دروست نەبێت، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها ڕاو ئیجتیهادی زانایانە.

بۆیە لیژنەی باڵای فەتوا هاوڵاتیانی کوردستانی ئاگادار دەکاتەوە کە دروستە زەکاتی سەرفیترەکانیان بە پارە بدەن بە هەژاران و لەم بابەتەدا بچنە سەر ڕای ئیمامی ئەبو حەنیفە .

جا بۆ ئەوەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ڕایە لە لایەن لیژنەکەمانەوە بزانرێت سەرنجی ئەهلی عیلم و ماموستایانی ئاینی و ئەوانەی حەزیان لێیە ئاگاداریان هەبێت لە بەڵگەکانی ئەم بابەتە ڕادەکێشین بۆلای بەڵگەی ئەو زانایانەی کەپێیان دروستە زەکاتی سەرفیترە بە پارە ئەنجام بدرێت .

بەڵگەکان :

**بەڵگەی یەکەم** : ئەصل لە صەدەقە و خێر کردندا ئەوەیە کە بە ماڵ بکرێت ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت:( خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها )(التوبە:١٠٣)ماڵیش وەك ئیبن الأثیر پێناسەی دەکات:(( مال لە ئەصڵدا ئەو زێڕو زیوەیە کە مرۆڤ پەیدای دەکات و دەیکاتە مولکی خۆی، وە دواتر بەکارهاتووە بۆ هەر شتێکی دیکەی لەو شتانەی خەڵك هەڵیدەگرن و دەیکەن مولکی خۆیان لەغەیری زێڕو زیو))،کەواتە:تەنها ئەو خواردەمەنیانەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە فەرموودەکەدا دیاری کردووەن( خورما ، جۆ ، مێوژ .... ) بە ماڵ ناژمێردرێن و پارەش هەر ماڵە و بگرە گرینگتریشە، بەڵام لە بەر ئەوەی خەڵك لە سەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بە زۆری ئەو خواردەمەنیانەیان لە بەردەستابووە و بەکاریان هێناوە، و پارە زۆر بەکەمی بەکار هاتووەن بۆیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی کردووە لەو جۆرە خواردەمەنیانە زەکاتی سەر فیترە بدەن .

**بەڵگەی دووەم** : وەرگرتنی بە هاو قیمەت لە زەکاتدا بە گشتی لە سەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هەبووە، وبەڵگەی زۆریش هەیە بۆ ئەم بابەتە لە وانە :

أ- ئیمامی بوخاری ڕیوایەت دەکات لە مەعازی کوڕی جەبەلەوە کە کاتێك ناردی بۆ یەمەن بە خەڵکی یەمەنی ووت کەل وپەلم بۆ بهێنن جا قوماشی نەدرواو بێت یان درواو بێت لە جیاتی زەکاتی جۆ و دانەوێڵە ئەوە ئاسانترە بۆ ئێوە و باشترە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەریش لە مەدینە[٧]، وە پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ڕازی بووە بەم کارەی مەعاز کە لەجیاتی زەکات کەل و پەلی وەرگرت و بەهایەکەی ڕەچاو کرد.

کەواتە: - بەڕەچاوکردنی بەهاکان دروستە گۆڕانکاری لە جۆری ئەو شتانەدا بکرێت کە زەکاتدا وەردەگیرێن .

٧ - ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری لە كتاب الزكاة باب العرض في الزكاة (١١٦/٢) ریوایەتی کردووە

ئیتحادی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان - لیژنەی باڵای فتوا - اللجنة العليا للافتاء - اتحاد علماء الدين الإسلامي كوردستان



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان

www.zanayan.org

– تێڕوانینی هاوەڵان بۆ دەقەکان فراوانتر بووە لە وەی کە مەبەست لە دیاری کردنی جۆرەکان لە زەکاتدا تەنها ئەو جۆرانەبن کە دیاری کراون لە فەرموودەکاندا، بەڵکو هەر شتێك قازانج بە هەژاران بگەیەنێ بەرەچاو کردنی قیمەت پێیان دروست بووە وەری بگرن بۆ زەکات.

– هەر لە بەر ئەوەشە ئیمامی بوخاری ئەم ڕایەیی هەڵبژاردووە وە کردویەتی بە باسێکی سەربەخۆ لە صەحیحەکەیدا، ئەمەش وەك ئیبن وحەجەر دەفەرموێت:( وافق البخاري في هذه المسألة الحنيفة مع كثرة مخالفته لهم ، ولكن قاده إلى ذلك الدليل)[٨].

ب– هەروا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە زەکاتی (حوشتر) دا تا دەگاتە ٢٥ حوشتر هەر( مەر )ی واجب کردوە، خۆ ( مەر) جۆرێکی جیاوازە لە (حوشتر)، کەواتە دیارە ڕەچاو قیمەتی شتەکان دروستە ئەوجۆرانەی زەکاتیان تیادا دروستە بگۆڕدرێن[٩].

ج– هەروەها جارێکیان لە ناو وشترەکانی زەکات دا کە وەرگیرابوون پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حوشترێکی بە قیمەت و گران بەهای بینی تورە بوو لە بەر ئەوەی هەمیشە فەرمانی دەکرد کە ماڵە بە قیمەت و گران بەهاکانی خەڵك مەستێنن بە زۆر لە خەلکی لە کاتی کۆکردنەوەی زەکات، وە پرسی: بۆ ئەمەتان وەرگرتوە، ساعیەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو وشترە بە قیمەتەم بە ڕەزامەندی خاوەنەکەی لە جیاتی دوو حوشتر وەرگرتووە، ئینجا پێغەمبەر دەنگی نەکرد.

کەواتە: ئەم هاوەڵە بەرێزە ڕەچاوی قیمەتەکەی کرد، بۆیە دروستە لە هەموو شتێکدا بە ڕەچاو کردنی قیمەت جۆرەکانی بگۆڕدرێن .

د– هەروەها ئیمامی بوخاری ریوایەت دەکا لە ئەبو هورەیرە وە دەفەرموێت : پێغەمبەر فەرمانی کرد کە زەکات کۆبکرێتەوە، پێیان ڕاگەیاند کەسێ کەس زەکاتەکانیان نادەن یەکێکیان خالد بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی ( أما خالداً فإنكم تظلمون خالدا، فقد احتبس أذراعه واعتده في سبيل الله )[١٠]، مانای فەرموودەکە: بەڵام ئێوە زوڵم لە خالید دەکەن چونکە ئەو مەتال و کەل وپەلە جەنگیەکەی خۆی لە پێناو خودا و جیهاد دا داناوە بۆیە زەکاتی لەسەر نیە .

کەواتە: ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا ڕێگەی داوە خالید لە جیاتی مەر و بزن و دانەوێلە ببەخشێت بە زەکات کەل وپەلەکانی ڕاگیر بکات و دابنێت بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێت لە جیهاد دا.

هـ – چەندین بەڵگەی تریش هەیە کە دەیسەلمێنن کە لە سەردەمی پێغەمبەر دا گۆڕانکاری لە جۆری شتەکاندا کراوە بۆ زەکات بە ڕەچاوکردنی نرخ .

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

---

٨ - فتح الباري ٣-٣١٢ .

٩ - بروانە : المبسوط ٢/١٥٦-١٥٧ .

١٠- ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە ٢\١٢٢ بە ژمارە:( ١٤٦٨).

لەوانە یە کەسێك بلێ ئەمانە بەڵگەن لە سەر ئەوەی دروستە لە زەکاتی ماڵدا گۆرانکاری بکرێت، بەڵام نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دروست بێت لە زەکاتی سەرفیترە گۆرانکاری لەو خواردەمەنیانە دا بکرێت کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیاری کردوە، دەڵێین: نەخێر وانیە وەك زانایان دەفەرموون ئەگەر لەزەکاتی ماڵدا گۆرانکاری دروست بێت ئەوا بە ئەولاتر دروستە لە زەکاتی سەردا- کە سەرفیترەیە- گۆرانکاری بکرێت، چونکە لە هەندێ ریوایەتدا سەرفیترە بە زەکاتی سەر ناوبراوە[11].

**بەڵگەی سێیەم:** وەرگرتنی پارە بۆ سەرفیترە لە سەلەفەوە -هاوەڵان وشوێنکەوتوان و شوێنکەوتوانی شوێنکەوتوان- ریوارەت کرواە لەوانە :

١- ئیبن و ئەبی شەیبە لە ئەبو ئیسحاقی سەبیعی ریوایەتی کردووە -کە یەکێکە لە گەورە شوێنکەوتوان- دەفەرموێ: بە خزمەت هاوەلانی پێغەمبەر گەیشتووم کە درهەمیان دەدا بە هەژاران لە جیاتی سەرفیترەی رەمەزان بە گوێرەی بەهای خواردەمەنی[12].

٢- هەر ئیبن و ئەبی شەیبە لە حەسەنی بەسریەوە ریوایەت دەکات و دەفەرمویت:ئاساییە درهەم بدری لە جیاتی سەرفیترە[13].

٣- هەروەها لە ئیبن و عەون ریوایەت دەکا و دەفەرموێ: ئیبن و عەون دەفەرموێ: نوسروای عومەری کوری عبدالعزیزم گوێ لێبوو کە نوسیبوی بۆ والی بەسرا، فەرمانی پێکرد بوو لە جیاتی سەرفیترە پارە بگێرێتەوە لە مووچە و معاشی خەلك[14].

کەواتە: بە پێی ئەم ریوایەتانەی ئاماژەمان پێ دان، دیارە لە سەردەمی هاوەڵان و تابیعیندا زەکاتی سەرفیترە بە پارە دراوە هیچ رێگریەك نەبوە، بەتایبەتی لە سەردەمی عومەری کوری عبدالعزیز دا وە نەشبیستراوە کە کەس رێگری کرد بێ یان نارەزایی بوبێت لەم کارەی عومەری کوری عبدالعزیز .

**بەڵگەی چوارەم :** لە صحیحی بوخاری ریوایەت کراوە لە کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەلانی پێغەمبەر رەزای خوایان لێبێت کە نیو صاع گەنمیان لە جیاتی صاعێکی تەواو لە غەیری گەنم وەك جۆ وقەسپ و مێوژ بۆ سەرفیترە بەخشیوە بە هەژاران[15].

لەو هاوەڵانە : هەر چوار خەلیفەکە و عبدالله ی کوری زوبێر و ئەسمای کچی ئەبوبەکر و ئەبو هورەیرە و ئوبەی کوری کعب و ئیبن و عەباس[16] رەزای خوایان لێبێت، و نەشزاندراوە کەس رەخنەی هەبوو بێ لەم کارە و پێچەوانەویان جولا بێتەوە ، جگە لە ئەبو سەعیدی خدری رەزای خودای لێبێت .

---

١١ - بروانە: مصنف ابن ابي شيبة ٢-٢٩١ .

١٢- المعجم الاوسط للطبراني ٢-١٣٥ .

١٣- مصنف ابن ابي شيبة ٢-٢١٨ رقم ١٠٣٧٠.

١٤ - بروانە: مصنف ابن أبي شيبة (٢/٣٩٨) .

١٥- بەلكو فەرمان نیو صاع لە پێغەمبەر ریوایەت کرایە .

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

کەواتە: ئەو جۆرە خواردەمەنیانەی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دیاری کردوون بۆ سەرفیترە خودی تۆخمەکانی مەبەست نیە، بەڵکو هەر شتێك مەبەست و مانای زەکاتی سەرفیترە بهێنیتە دی کە بریتیە لە پر کردنەوەی کەم و کورتی و پێداویستی هەژاران و بێ نیاز کردنیان لە ڕۆژی جەژن دا، ئەوە دروستە ببەخشرێت چونکە ئەوە مەبەستی پێغەمبەر بووە، ئەگەر نا بۆچی هاوەڵان جۆرەکەیان گۆڕی، پاشان ئەندازەکەشیان لە صاعێکەوە کردە نیو صاع؟؟! دیارە لە بەر ئەوەی گەنم نرخەکەی گرانترە لەو جۆرە خواردنانەو،بەسود تریشە بۆ هەژاران لە خواردنەکانی دیکە لەو ڕۆژگارەدا، کەواتە: هاوەڵان نرخیان ڕەچاو کرد لە سەرفیترە دا چونکە ئەگەر ڕەچاوی نرخیان نەکردبا، دەبوایە صاعێکی تەواو وەربگرن یا ببەخشن.

**بەڵگەی پێنجەم** : ئیمامی موسلیم لە ئەبو سەعید خودری ڕیوایەت دەکات دەفەرموێ: ئێمە زەکاتی سەرفیترەمان دەبەخشی کاتێك کە پێغەمبەری خوا لە ناومان بوو لە بری هەر بچوك و گەورە وئازاد بەندەیەك صاعێك لە خواردەمەنی، یان صاعێك لە کەشك، یان صاعێك لە جۆ یان صاعێك لە قەسپ، یان صاعێك لە مێوژ، هەر بەم شێوەیە زەکاتی سەرفیترە مان دەدا تا ئەو کاتەی معاویەی کوری ئەبو سوفیان هات بۆ لامان بۆ حەج یا بۆ عومرە کردن قسەی لەگەڵ خەڵکی کرد جا لەو شتانەی لەگەڵ خەڵکی باسی کرد ئەمە بوو وتی : "من پێم وایە دوو مشت لەگەنمی شامی بەرامبەرە بە صاعێك لە خورماو.." ئیتر خەڵکی بەو شێوەیە زەکاتی سەرفیترەکانیان دەرکرد و پابەند بوون بە قسەی معاویە[١٧].

کەواتە: هاوەڵان رازی بوون چوار مشت کە ساعێکە بکرێتە دوو مشت و جۆری خواردەمەنیەکەش بگۆردرێت چونکە تێگەیشتنونە لەوە کە ئەو جۆرە خواردەمەنیانەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیاری کردوون مەبەست جۆری ئەو خواردنانە نین، بەڵکو مەبەست تێرکردن و بێ نیاز کردنی هەژارانە بەو جۆرە خواردنانە، بۆیەش ئەو جۆرانەی دیاری کردوون، چونکە ئەو وەختە ئەو جۆرە خواردەمەنیانە خورادنی سەرەکی بوون و ئاسان هاتونەتە بەر دەست.

**بەڵگەی شەشەم** : ڕیوایەت کراوە لە پێغەمبەر ضلی الله علیه وسلم دەفەرموێ:( أغنوهم في هذا اليوم )[١٨] لە ڕیوایەتێکی دیکەدا( أغنوهم عن الطوف في هذا اليوم )[١٩] مانای: بێ نیازیان بکەن لەم ڕۆژەدا لە گەران بۆ دەست خستنی خواردەمەنی، هەرچەندە ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی زەعیفە وەك ئیمامی ئبن و حەجەر و زەیلەعی دەفەرموون [٢٠]،بەڵام ئەوەی لێی وەردەگرین ماناو مەبەستە لە زەکاتی سەرفیترە ئەو مانایەش لەکۆی ئایەتەکان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆر روون و دیارە، کەواتە : مەبەستی سەرەکی لە تەشریعی ئەم

---

١٦ - بۆ زانینی ئەم ریوایەتانە حوکم لەسەریان بروانە: الدراية في تخريج الاحاديث الهداية ١-٢٧١-٢٧٢ ونصب الراية ٣-٤١٩-٤٢٧ .

١٧- ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردوە ٢٠٦٧٨ بەژمارە ٩٨٥ .

١٨ - دار قوتنی ریوایەتی کردووە ( ٢/١١٤) بەژمارە (٢١٣٣) .

١٩ - بەیهەقی ریوایەتی کردووە (٧٧٣٩) .

٢٠ - بروانە: فتح البارى (٢/٣٧٥) ونصب الرايه (٢/٤٢٢) .

یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ أربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

فەریزەیە بێ نیاز کردنی هەژارانە لە گەڕان بەدوای خواردندا و پارانەوە لە خەلك لەرۆژی جەژندا، ئایا لە هەندێ کات و شوێندا بە تایبەتی ئێستا ئەو جۆرە خواردەمەنیانە هەژاران بێ نیاز دەکەن ؟!، نەخێر، بەڵام قیمەت و پارە زۆر ڕوونە دەتوانێت پێویستیەکانی رۆژی جەژنی پێ دابین بکرێت ئەگەر بەردەست و بەر بڵاو بێت وەك لە سەردەمی ئێمەدا وەهایە .

وە هەندێك لەو زانایانەی کە پێیان وایە دروست نیە سەرفیترە بە پارە بدرێت پێیان وایە دروستە گۆڕانکاری لە جۆری ئەو خواردنانەدا بکرێت کە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دیاری کردوون بەپێی کات و شوێن و پێیان وایە هەرخواردەمەنیەك کە قوتی زۆرینە بێت دروستە لەجیاتی ئەو خواردەمەنیانە بدرێت کە لە فەرموودەکاندا دیاری کراوە، بەڵام لەکاتی لێوردبوونەوە دەبینین کە هیچ بەڵگەیەکیان نیە تەنها بەڵگەی قازانج (مصلحە) نەبێت، چونکە قوتی زۆرینە لەقازانجی هەژاراندایە، جا ئەگەر دروست بێت گۆرانکاری بکرێت لەو جۆرانەدا کەواتە دروستیشە پارە و قیمەت بدرێت لەهەر کات و شوینێکدا قازانجی فەقیر لەوەدا بەدیدەهات .

**بەڵگەی حەوتەم:** ڕەچاو کردنی مەبەستەکان لە پێشترە لە ڕەچاو کردنی هۆکاری هێنانەدی ئەو مەبەستانە وەك لە زانستی( مقاصد الشریعە)رون کراوەتەوە( ٢١ )وە هەر کاتێك هۆکارەکان (وسائل ) مەبەستەکانیان پێ نەهاتەدی یان بە هۆکاری ئاسانترو نزیکتر مەبەستەکە دەهاتە دی ئەوە ئەو هۆکارانە (وسائل) لە هۆکاری دەکەون یان دەکرێ بگۆردرێن،کەواتە لێرە هۆکارەکانی(گەنم و جۆ) هێنانەدی مەبەست لە تەشریعی سەرفیترە – کە بێ نیاز کردنی هەژارانە– زۆر بە لاوازی دەهێننە دی و زەیقەت و نارەحەتیش دروست دەبێت لە کاتی بەکار هێنانی ئەو هۆکارانە، وە هۆکاری زۆر ئاسانتر و کاریگەر تر هەیە بۆ بە دیهێنانی ئەو مەبەستە کە پارەیە ، لە رۆژگاری ئیمرۆماندا کەواتە : بکرێت بە پارە باشترە .... والله سبحانە وتعالی أعلم

**لیژنەی باڵای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

**هەولێر: ٧ / شعبان/ ١٤٣٨ کۆچی**

**٣ /٥/ ٢٠١٧ زاینی**

٢١ - بروانە: الموافقات (٢/٣٥٣) .



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org